# اثر استراتيجية فرز المفاهيم في تحصيل ماده القراءة الكردية الحديثة لدى طلاب الصف الرابع العلمي

**محمد هادي حسين العيساوي**

**mohammed.hadi2406m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq**

**ا. علي داود جوامير**

**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية**

**الملخص**

يرمي هذا البحث تعرف (**اثر استراتيجية فرز المفاهيم في تحصيل ماده القراءة الكردية الحديثة الصف الرابع العلمي** ). ولتحقيق ذلك, اختار الباحث بطريقة لا عشوائية (مدرسة اعدادية التأخي للبنين), الواقعة في مديرية تربية القادسية, التي تضم ثلاث شعب للصف الرابع العلمي ، واختيرت عشوائياً شعبة (ب) لتمثل المجموعة التجريبية, التي تُدَرّس باستراتيجية فرز المفاهيم , في حين مثلت شعبة (أ) المجموعة الضابطة، التي تُدَرّس بالطريقة التقليدية, وبلغت عينة البحث(٦٤) طالب بواقع(٣٣) طالب في المجموعة التجريبية, و(٣١) طالب في المجموعة الضابطة.

أعدَّ الباحث اختباراً للتحصيل, وقد تكون الاختبار من (٤٢) فقرة اختبار من متعدد، موزعة حسب خارطة اختبارية . وعرضه على الخبراء والمتخصصين, وتحقق الباحث من صدقه وثباته، ومن القوة التمييزية لفقراته, ومعامل صعوبته, وفاعلية بدائله الخاطئة .استمرت التجربة (١٣) أسابيع، طُبقَ في نهايتها اختبار التحصيل على طلاب مجموعتي البحث التجريبية والضابطة. استعمل الباحث الاختبار التائي لعينتين مستقلتين (t-test) لمعرفة دلالة الفرق عند مستوى (٠,٠٥) بين مجموعتي البحث فاتضح ما يأتي :

وجود فرق ذي دلالة إحصائية بين متوسط درجات طلاب مجموعتي البحث في اختبار التحصيل اختبار, لمصلحة طلاب المجموعة التجريبية الذين يدرسون مادة القراءة الكردية الحديثة بـ(استراتيجية فرز المفاهيم ).

**الكلمات المفتاحية: اثر، استراتيجية فرز المفاهيم ، التحصيل ،القراءة الكردية الحديثة الصف الرابع العلمي .**

**the impact of the concept sorting strategy on the achievement of modern Kurdish reading in the fourth grade of secondary school**

**College of Education Ibn Rushdfor Human Sciences University of Baghdad**

**Mohammed Hadi Hussein Mohammed Al-Issawi**

**Professor Ali Dawood Jawamir**

**Abstract:**

This research aims to identify the impact of the concept sorting strategy on the achievement of modern Kurdish reading in the fourth grade of secondary school and the development of students' linguistic thinking. To achieve this, the researcher selected, through a non-random process, Al-Taakhi Secondary School for Boys, located in Al-Qadisiyah Education Directorate. The school comprises three sections for the fourth grade of secondary school (scientific stream). Section (B) was randomly selected to represent the experimental group, which was taught using the concept sorting strategy. Section (A) represented the control group, which was taught using the traditional method. The research sample consisted of (64) students: (33) students in the experimental group and (31) students in the control group. . The researcher developed an achievement test consisting of (42) multiple-choice items, distributed according to a test map, The experiment lasted (13) weeks, at the end of which the achievement test was administered to students in both the experimental and control groups..

The results showed a statistically significant difference between the mean scores of the students in the two groups on the achievement test, favoring the students in the experimental group who studied modern Kurdish reading using the concept sorting strategy.

**Keywords: impact, concept sorting strategy, achievement, Kurdish reading، the fourth grade of secondary school.**

**کاریگەریی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی زانستی.**

**زانکۆی بەغداد کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**محەمەد هادی حوسێن مەحمەد عیساوی**

**پ عەلی داوود جوامیر**

**پووختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ناسینی **(کاریگەریی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی زانستی)**. بۆ هێنانەدیی ئەمەش؛ توێژەر بە ڕێگەی هەڕەمەکی (قوتابخانەی ئامادەیی التاخی کوڕان)ی هەڵبژارد، کە سەربە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قادسییەیە و سێ هۆبەی پۆلی چوارەمی زانستی تێدایە، هەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، هۆبەی (ب)ی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی هەڵبژارد، کە بە ڕێگای ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان وانەکانیان پێ بڵێتەوە، لە کاتێکدا هۆبەی (أ) ی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو تەرخانکرد، کە بە ڕێگای ئاسایی وانەکانیان پێ بڵێتەوە، ژمارەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکەش گەیشتە (٦٤) خوێندکار بە داکەوتەی (٣٣) خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی و (٣١) خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

**کلیلە وشەکان: کاریگەریی، ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان، دەستکەوت، بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، قوتابییانی پۆلی چوارەمی زانستی.**

**یەکەم . کێشەی توێژینەوەکە:**

لەوانەیە داکەوتە، یان واقیعی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی عێراق، تا ئێستاش جەخت لەسەر شێوازی وانەدادان، یان وانەپێوتنەوە بکەنەوە، ئەوەش بە پشتبەستن بە ڕێگە ئاساییەکان، کە لە بنەڕەتدا لەبەرکردن و ڕەوانکردن و هەوڵی عەمبارکردنی زۆرترین ژمارەی زانیارییەکان بە ئامانج دەگرن، ئەمەش هەرگیز لەگەڵ واقیعی وتنەوەی زمانی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی، ئەوانەی کە بە زمانی کوردی نادوێن ناگونجێت، بەڵکو هەتا دەرفەتی تەواویش بۆ خوێندکاران نارەخسێنێت، کە خودی خۆیان زۆربەی چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا سوودی لێ وەربگرن، هەتا وەزارەتی پەروەردەی عێراقیش[*]، جەخت لەسەر لاوازیی وتنەوە و خوێندنی دەکاتەوە. هەندێك لەو هۆیانەی وا دەکەن ئەم زمانە لای خوێندکاران نوێ بێت و لە چۆنیەتیی وتنەوەی لەو ناوچانەی کوردی نین جیاواز بێت، لەبەرئەوەی مامۆستایان لە ڕووی کارامەییەکانی وتنەوەی بابەتەکە و ڕێگە هاوچەرخەکانی وتنەوەی لاواز و بێتوانا بن و گەڕانەوەیان بۆ مامۆستایانی بابەتەکانی بابەتەکانی دیکەی قوتابخانە و فێربوونی زیاتر لێیانەوە بە هۆی لاوازییان تێیدا. لێکۆڵینەوەکانی پێشووتریش کە لە لایەن پسپۆڕانی ڕێگەکانی وتنەوەی زمانی کوردییەوە ئەنجام دراون، جەخت لەسەر ئەم لاوازییە دەکەنەوە، لەوانەش: لێکۆڵینەوەکانی ئەحمەد (٢٠١٣) و لێکۆڵینەوەکەی ئەحمەد ( ٢٠٢١) و لێکۆڵینەوەکەی عوبێس ( ٢٠٢٤) و لێکۆڵینەوەکەی عبدولرحمان (٢٠٢٥)، کە هەر هەموویان جەختیان لەسەر ئاستەنگەکانی بابەتی خوێندنەوە و ڕێزمانی کوردی کردووەتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی لاوازی لە دەستکەوتی خوێندکاران لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی، بۆیە زۆر پێویستە ستراتیژییەتی هاوچەرخ لە وتنەوەی بابەتەکە بگیرێتەبەر و بەکاربهێنرێت، کە وا لە خوێندکاران دەکات، ڕۆڵێکی بنەڕەتی و چالاك و کاریگەر لە پرۆسەی فێرکاری و

[*]- وزارة التربية العراقية – مديرية العامة للدراسات الكردية – ذي العدد ١٨٦٦ في ٢٠٢٣/٦/١٥

پەروەردەییدا ببینن، هەڵبەتە ئەم هەنگاوانە، توانا و زانیاریی مامۆستاش زیاتر دەکەن، کە ئەویش بە ڕۆڵی خۆی ڕەنگدانەوەی لە سەر ئاستی هەموو خوێندکاران دەبێت لە دەستکەوتی خویندن. بۆ پاراستن و پتەوکردنی کێشەی توێژنەوەکەش، توێژەر ڕاپرسییەکی نموونەی هەڕەمەکی ئەنجامداوە کە لە (١٥) مامۆستای پسپۆڕ و تایبەتمەندی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگای (القادسية)، ئەوانەی ئەزموونیان لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی لە پێنج ساڵ کەمتر نییە، ئەوەش بە ڕێنمایی ئاڕاستەکردنی ئەو ڕاپرسییەی ئەنجامی داو دەرئەنجامەکانیش گەیشتنە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم** : (٩٥%) پشت بە ڕێگە ئاساییەکان دەبەستن کە ئەوانیش لە وتنەوەی وانەکاندا، پشت بە لەبەرکردن و وانەدادان (التلقين) دەبەستن.

**دووەم** : (١٠٠%) لە وەڵامەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە سەرنجی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکانیان نەداوە و شارەزاییان لەسەری نییە.

**سێیەم**: (٩٩%) لە وەڵامەکان جەخت لەسەر بوونی ئەو ئاستەنگانە دەکەنەوە کە لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێدا هەن، بۆیە زۆر پێویستە بە ئاڕاستەی بەکارهێنانی ئاڕاستەی نوێ و هاوچەرخ لە خوێندن هەنگاو بنێن و ئەو ستراتیژییەتانەی وا لە خوێندکاران دەکەن ببنە تەوەری پرۆسەی فێرکردن بەکاربهێنن، هەروەها ئەوەی یارمەتیی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوە دەدات لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن. لە سۆنگەی ئەوەی پێشکەش کرا، توێژەر پێیوایە کە کێشەکە لە توانای خوێندنەوە نییە، هێندەی لە توانای تێگەیشتنی خوێندکارانە لەو بابەتانەی دەیانخوێننەوە و لێی تێدەگەن و لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییشەوە سوودی لێ وەردەگرن، ئەمەش نایەتەدی، تەنها بە توێژینەوەی ڕێگەکان و شێوازەکان و ئامرازە فێرکارییە هاوچەرخەکان نەبێت، لە پێناوی ئەمەش توێژەر بە ئەنقەست لێکۆڵینەوەی ئەم کێشەیەی گرتەبەر.

**دەکرێ کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەی خوارەوە پوخت بکرێتەوە:**

**(ئایا ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان کاریگەریی لە سەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێی پۆلی چوارەمی زانستی هەیە؟).**

گرنگی **توێژینەوەکە**

پەروەردەی هاوچەرخ بە ئاڕاستەی بایەخدان بە وانەوتنەوە و شێوازەکانی هەنگاو دەنێت، ستراتیژییەتەکانی و ڕێگەکانی وانەوتنەوەش لە ڕەگەزە بنەڕەتی و پێویستەکانی لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکانن، لە سۆنگەی ئەوەی پەیوەستن پێیەوە و بایەخ بە چالاکییەکانی خوێندکاران و ئەو ڕەفتارانەیان دەدەن کە ئەوان ڕایدەپەڕێنن و ئەنجامی دەدەن، ئەمەش کار لەسەر پەروەردە و گۆشکردنی ڕەفتاری خوێندکار و بایەخدان بە گەشەپێدانی لایەنی ویژدانی و زانەکی و کارامەیی دەکات. (ترك و محمود، ٢٠٢١، ل. ٢٠)

ئاشكرایە كە زمان پەیوەندییەكی توندوتۆڵی لەگەڵ پەروەردەدا هەیە، چونكە وەكو ئامرازێك بۆ هێنانەدیی ئامانجەكانی بەكاریدەهێنێت، بە دڵنیاییشەوە هیچ پەروەردەیەك بە بێ زمان بوونی نییە، بۆیە مەزنترین شت كە مرۆڤ پێشكەشی كردبێت، پەروەردە بووە، لەبەرئەوەی ئامراز و ڕێگایەك بووە بۆ چاكسازیی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی، لە سۆنگەی ئەوەی ڕایەڵە و پەیوەستگیری و گرێدانی نێوان نەوە یەك لە دوای یەكەكان بووە، پەیوەندی و پەیوەستگیرییەكی عاقڵمەندانە و پتەو و قووڵ. (دیورانت، ١٩٨٨، ل. ١٢٦) پوختەی قسە ئەوەیە كە زمان سەنگ و گرنگیی زۆری دیكەی هەیە، لەوانەش ئەركداری و قەوارەیی و هەستەوەری، زێدەباری ئەوەش بەڵگەداری و پەیوەندییە مادی و مەعنەوییەكانیش، كە پێداویستییەكانی ژیان پڕ دەكەنەوە و سوود بە كاروبارەكان و كێشە و ئاڵانگاری و پێداویستی و داواكارییەكانیش دەگەیەنن.(الراوي، ٢٠١١، ل.٣٠)

ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە لە عێراق تا ڕادەیەك بایەخی پێدراوە، هەرچەندە ئەم بایەخە بەپێی پێویست نەبووە، بۆ گەشەپێدان و پێشكەوتنی زیاتری، بەڵكو هەمیشە بارمتەی دۆخە سیاسییە گۆڕدراوەكان بووە. لە مێژووی هاوچەرخی عێراقیش بە تایبەتی دوای بڕیاردانی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، زمانی كوردی قۆناغێكی دیكەی بڕی، بەوەی لە دەستووردا جێگیر كراوە كە زمانێكی فەرمییە لە وڵات، هاوشانی زمانی عەرەبی، ئەوەش بە دەق لە مادەی (٤)ی دەستووری عێراقیدا هاتووە. (جاف وئەوانی تر، ٢٠٢١، ل. ٦)

هەروەها زمانی كوردی، وەكو یەكێك لە گرنگترین و دێرینترین زمانەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێكڕای جیهان، زمانێكی دێرین و خاوەن مێژووی كۆنە، پێگەیەكی بەرچاوی لە جیهاندا هەیە. زیاتر لە ٤٠ ملیۆن كەس قسەی پێ دەكەن. زمانی كوردی خاوەن ڕێزمانێكی ڕەوان و بنج و بنەوانی دێرینی خۆیەتی. دەیان ئەزموون و سەدان توێژینەوەی زمانەوانیشی لەسەر كراوە. (عزیز، ٢٠١٢، ل. ١٢٨).

لە سۆنگەی ئەوەی خوێندنەوەی كوردی، یەكێكە لە لقەكانی زمانەكە و بریتییە لە پرۆسەیەكی ئێجگار سەخت و زەحمەت، چونكە هەر لە كۆنەوە و تاوەكو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، زانایانی پەروەردە نەگەیشتوونەتە دۆزینەوەی یان داهێنانی سادەترین و ئاسانترین ڕێگە بۆ فێركردنی خوێندنەوەی زمانی كوردی بە خوێندكاران بە شێوەیەكی خێرا و كەمترین توانا و كورتترین ڕێگە و بە ئاسانیش.(هورامی، ٢٠١١، ل. ١٠٣)

چونكە خوێندكاران لەم حاڵەتەدا خۆیان لە بەردەم پێویستییەكی هەنووكەییدا دەبیننەوە بۆ ستراتیژییەتێكی دەروونیی داهێنراو كە توانای خوێندكاران لەسەر تێگەیشتن و پەیوەندیگرتن بەهێزتر بكات. لێرەدا گرنگیی پیادە و جێبەجێكردنی دەروونزانی لە پشتگیریكردنی پرۆسەی فێربوون دەردەكەوێت، لەبەرئەوەی ستراتیژییەتەكانی فێربوونی هەرەوەزی و كارلێكی چالاك بەشداری لە پێدانی ئامرازە پێویستەكان بە خوێندكار دەكەنەوە لە بەرەنگاربوونەوەی دوودڵی و زیاتر متمانە بە كارامەییە زمانەوانییەكانی خۆیان." (عبید، ٢٠٢٣، ل.١٩٧٩)

یەكێك لەو ستراتیژییە پەروەردەییانەش، ستراتیژییەتی جیاكردنەوەی چەمكەكانە كە لە ستراتیژییەتە گرنگەكانی ناو پۆل هەژمار دەكرێت، چونكە گرنگی و كاریگەریی لەسەر پرۆسەی فێركاری هەیە، ئەوەش

دوای هەر هەڵوێستێکی فێرکاری، کار لەسەر کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژانی خوێندکار دەکات و توانای خوێندکار لەسەر بونیادنانی بیرۆکەکانیان لە ڕێگەی چەمکەکانی بابەتە زانستییەکانەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەهێز دەکات. زێدەباری گەشەپێدانی کارامەییەکانی ئاخاوتن و گفتوگۆی تایبەت لای ئەو خوێندکارانەی لە زۆربەی هەڵوێستە فێرکارییە ڕووگیرەکانی ناو پۆل بە دەست ڕاڕایی و شەرمەوە دەناڵێنن. (Carten ,1993, p. 433)

ئەم ستراتیژییەتە بە یەکێك لە ستراتیژییەتە گرنگەکانی فێربوون دادەنرێت، لەسەر جیاکردنەوەی چەمکە جیاوازەکان و دەستەکانی ناوەڕۆکی خوێندن، کە گەشە بە کارامەییەکانی پێشبینیکردن و ئەنجامگیری و بەستنەوەی نێوان بابەتەکان و پۆلینکردنیان دەدەن، ئەوەش بە پێی ئەو مەحەکانەی لە بەردەستی مامۆستادان بۆ هێنان و ناساندنی وشەگەلی نوێ کە خوێندکاران لە بابەتە تەرخانکراوەکەدا دەیخوێنن، هەروەها زانیاری تەواو سەبارەت بە ڕێژەی زانەکیی خوێندکارانیش دەربارەی بابەتێك بە مامۆستا دەبەخشێت، خوێندکارانیش بە زاراوەکانی بابەتەکە یان کتێبە نوێیەکە ئاشنا دەکات. (الأترابي، ٢٠١٩، ل. ١١٩)

گرنگیی توێژینەوەکەش لە ڕێگەی دەستکەوتەوە دەردەکەوێت، چونکە دامەزراوە پەروەردەییەکان بایەخیان پێیداوە لە سۆنگەی ئەوەی نیشانە و ئاماژەیەکە لەسەر ئاستی پێشکەوتنی بەرەو ئامانجە پەروەردەییەکان، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو بەرهەمە فێرکارییانەیە کە دامەزراوەکان کۆششی بۆ دەکەن، هەروەها ئاستی دەستکەوتی خوێندکار لەم دامەزراوانە، بەڵگەی خۆژیاندنی و تواناکانییەتی.

توێژەرانیش بایەخیان بە زانینی ئەو هۆکارانە داوە کە کار دەکەنە سەر دەستکەوت لای خوێندکاران لە قۆناغە جیاوازەکانی فێرکاری و خوێندن، چونکە چەندین لێکۆڵینەوە بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان دەستکەوتی خوێندن و گۆڕانکارییەکانی دیکە ئەنجامدراون، لەوانەیە لە بەرایی هەمووشیاندا بیرکردنەوە بووبێت، چونکە بیرکردنەوە بە یەکێك لەو بابەتانە دادەنرێت کە دامەزراوە فێرکارییەکان لای خوێندکار کۆشش بۆ پەرەپێدانی دەکەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندن و کێشە و گرفتانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگاکان دەبنەوە. (السليخي، ٢٠١٣، ل. ١٥)

**بەپێی ئەوەی سەرەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا پوخت دەکرێتەوە**

. گرنگیی پەروەردە، لە سۆنگەی ئەوەی کردارێکی گەشەسەندنی کەسێتی مرۆڤایەتی و گەشەی خوێندکارییە لە ڕووی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتیشەوە.

٢. گرنگیی زمان بەوپێیەی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕەفتاری زانەکی و شارستانی، زێدەباری ئەوەی ئامرازی پەیوەندیکردن و کاریگەری و باوەڕپێهێنان و قایلکردنە.

٣. گرنگیی زمانی کوردی و خوێندنی، لەبەرئەوەی دووەمین زمانی فەرمییە لە عێراق، بە پێی ئەوەی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقیدا بڕیاری لەسەردراوە.

٤. گرنگیی خوێندنەوەی کوردی، لەبەرئەوەی ئامرازی پەیوەندیکردن و تێگەیشتنی ئەوانەی دیکەیە، لە میانییەوە مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردی بکات و پێی بدوێت، لەبەرئەوەی لقێکە لە لقەکانی زمانی کوردی.

٥. گرنگیی ستراتیژییەتە هاوچەرخەکان لە خوێندن و وانەوتنەوەدا، لە سۆنگەی ئەوەی کار لەسەر دۆزینەوەی زەمینەیەکی لەبار و گونجاو دەکات، بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن بە ئاسانی و باشی پرۆسەی فێربوونیان ئەنجام بدەن.

٦. سوودوەرگرتن لە ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە کرداری فێرکاری و خوێندنی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی.

**سێیەم . ئامانجی توێژینەوەکە:**

کاریگەریی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی زانستی.

**چوارەم . گریمانی توێژینەوەکە:**

(نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکەیان بە پێی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان دەخوێنن و ناوەندە نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەپێی ڕێگەی ئاسایی لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێی پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەخوێنن).

**پێنجەم . سنووری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەسەر ئەمانە ڕاوەستاوە:

(١) **سنووره مرۆییەکان:** خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە هەندێك قوتابخانەی ئامادەیی هەڵبژێردراوی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە لە پارێزگای قادسیە لە ناوەندی قەزای شامییەی نزیك شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەر.

(٢) **سنووری شوێنی:** قوتابخانەی (ئامادەیی التآخي کوڕان)ی حکومی کە دەوامیان بەیانییانە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگای قادسییەیە لە قەزای شامیە.

(٣) **سنووری لێکۆڵینەوەیی:** بابەتی خوێندن لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی نوێ کە بریتییە لە (پیتەکانی زمانی کوردی، تێبینییەکان سەبارەت بە پیتەکانی زمانی کوردی، برگە، بەشەکانی ئاخاوتن، جێناوەکانی ئاماژە، گفتوگۆی زانکۆ، ئامرازی پرسیار، گفتوگۆی نێوان دوو خوێندکاری دواناوەندی، گفتوگۆی ڕوونکردنەوەی ڕێگاکە، گفتوگۆ لەگەڵ شوفێر، گفتوگۆی نێوان نەسرین و ئازاد، گفتوگۆ لای پزیشك، گفتوگۆ لای سەرتاش، گفتوگۆ لای نانەوا).

(٤) **سنووری کات:** وەرزی یەکەمی خوێندنی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥- ٢٠٢٦)ی زاینی.

**شەشەم . دەستنیشان کردنی زاراوەکان:**

**هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:**

. زایر وسماء (٢٠١٦): "بریتییە لە توانای هێنانەدیی ئەنجامی جێگیر و نەگۆڕ کە دەخوازرێ بهێنرێتەدی، یان سەرنجی بەرهەم لەسەر مێشکی خوێندکار و بەپێی پلانکاری و نەخشەسازییەکان، یان ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنە بەر، یاخود ئەو کارانەی کاریگەری دەکەنە سەر هێنانەدیی ئەنجام، کە بریتییە لە شتێکی بەدەستهاتوو لە ئەنجامی سەرنجدانی بابەتێك یان ئەوەی نەخشەسازییە تاقیکراوەکان پشتگیرییان کردووە"(ل.٢٤٩).

داخل (٢٠٢٣): بریتییە : "لەوەی لە هزر و مێشکی خوێندکاردا ماوە لە زانەکی، یان هێما، یاخود وێنە و نیگار، یان کاریگەری لەسەر هێشتنەوەی شتێك کە مەبەستەکەی لەوەدا بێ، زانەکی بۆ بگوازرێتەوە"(ل.٤٥).

**-کاریگەری لە ڕووی ڕێکارییەوە:**

بڕی ئەو گۆڕانکارییەیە کە ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە هەر یەك لە (دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زمانەوانی دەیهێننە ئاراوە) لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی، کە دەکرێ ئەم کاریگەرییە لە میانی جیاوازی لە ناوەندە نمرەکانی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی زمانەوانی دوای پیادە و جێبەجێکردنی ئەزموونەکە پێوانە بکرێت.

**١. ستراتیژییەت: هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:**

-رسول (٢٠١٤): بریتییە: "لەو هێڵە گشتییەی کە بەرەو ئامانجەکانمان دەبات و تێکڕای ئەو هەنگاوە بنەڕەتییانە دەگرێتەوە کە پێشوەختە نەخشەکاری و پلانڕێژی بۆ کراوە، واتە سەرجەم چالاکییەکان، کە ئەوانە دەگرێتەوە؛ مامۆستا لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجەکانی کاری لەسەر کردوون و ئەنجامی داون، وەکو شێوازەکانی وانەوتنەوە و هاندانەکان و ڕەچاوکردنی ژینگە و ئارەزووەکانی خوێندکاران و ئامرازەکانی دیکە"(ل.١١٢).

-قادر (٢٠٢٣): بریتییە لە: "کۆمەڵە بنەمایەکی گشتی و هەنگاوی گشتگیر و هەمەلایەنە کە مامۆستا پێشوەختە نەخشەسازی و پلانکاری بۆ دەکات و بایەخ بە هۆکارەکان و ئامرازەکان دەدات لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجەکانی خوێندن و پێڕەو و سیستەمی فێرکاری و خوێندن، بە گەورەترین ڕێژە و بڕی توانا و لێهاتوویی لە بەر ڕۆشنایی توانا بەردەستەکان"(ل.١٥).

**پێناسەی ڕێکاریی ستراتیژییەت:**

بریتییە لە کۆمەڵە هەنگاوێکی ڕێکوپێك کە مامۆستا لە کاتی جێبەجێکردنی وانەکەی یان ئەو وانانەی دەیانڵێتەوە دەیانگرێتەبەر و لەسەر بنەمای زانستی و پەروەردەیی بونیاد نراون و ئامانجیان هێنانەدیی ئامانجە ئەکادیمی و فێرکارییە دیاریکراوەکانە لە میانی چالاك کردنی ڕۆڵی خوێندکار و گەشەپێدانی کارامەییە زانەکی و زمانەوانی و بیرکردنەوەکانی لە کاتی پرۆسە و کرداری فێربوون.

**٢. ستراتيژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان: هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە**

-الشمري (٢٠١١): "بریتییە لەو ستراتیژییەتەی بۆ تێگەیشتنی وشەو زاراوەکانی بابەتەکە بەکاردەهێنرێت، بە جۆرێك مامۆستا لیستێك لە زاراوە و چەمکەکانی بابەتەکە ئامادە دەکات، پاشان دەیانخاتە ناو دەستە و گرووپ، یان مەحەکی جیاواز، لە بەر ڕۆشنایی واتای هەر زاراوەیەك و دەستە و گرووپێك، دەشکرێ لە لایەن مامۆستا یان خوێندکاریەوە پێناسە بکرێت"(ل.١٦١).

– الاترابي (٢٠١٩): "بریتییە لە ستراتیژییەتی زاراوەکان و ئەو تێگەیشتنەی لە پێناسەکردنی زاراوەی بابەتەکان یان کتێبە نوێیەکە بە خوێندکاران، بۆ ئەمەش مامۆستا لیستێك بە زاراوە، یان چەمکەکانی بابەتی خوێندنەکە دەخاتە بەردەستی خوێندکاران و پاشان خوێندکاران وشەکان لە دەستە جیاوازەکاندا دادەنێن، ئەوەش لە بەر ڕۆشنایی واتای هەر وشەیەکیان"( ل.١٤٩).

**پێناسەی ڕێکاریی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان:**

بریتییە لە کۆمەڵە هەنگاو ، یان ڕێکارییەك کە توێژەر بۆ هێنانەدیی گەورەترین و زۆرترین بڕ و ڕێژەی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە زمانی کوردی پشتی پێ دەبەستێت و فێربوونیان کە دەرفەت لە بەردەم خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەرەخسێنێت بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی وەریدەگرێت لە میانی پێشکەشکردنی ئەو چەمکانەی دەتوانن دوای خوێندنەوە پشتی پێ ببەستن.

**٣. دەستکەوت:**

– بقلي و حسنين (٢٠١٧):"ئەو دەستکەوتەیە کە لە زنجیرەیەك تاقیکردنەوەی پەروەردەیی لە قوتابخانە دێتەدەست و بە شێوەیەکی بەرفراوانیش بۆ وەسفکردنی دەستکەوتەکان لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن بەکاردەهێنرێت"( ل.١٢٨).

– المندلاوي (٢٠٢١): "ئەو بڕی زانەکی و کارامەییانەی گەشەسەندنە، کە لە بابەتەکانی خوێندنی قوتابخانە بەدەست دەهێنرێن و لە میانی نمرەکانی تاقیکردنەوە، یان ئەو مەزەندانەی کە مامۆستایان بە خوێندکارانیان دەبەخشن دەردەکەون"( ل٦٦).

**پێناسەی ڕێکاریی دەستکەوت:**

**دەستکەوت:**

ئەو نمرەیەیە (ئەنجامی ژمارەیی) کە خوێندکار بەدەستی دەهێنێت، (بۆ نموونە: پۆلی چوارەمی ئامادەیی یان هەر قۆناغ و ئاستێکی دیکە) لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی (پاشەکی) کە توێژەر بە تایبەتی بۆ پێوانەکردنی ئاستی توانای خوێندکار لە کارامەییەکانی خوێندنەوەی کوردی نەخشەسازی و دیزاینی بۆ کردووە، وەکو: تێگەشتن، شیکردنەوە، بەرئەنجامگیری و تێگەیشتن و وەرگرتنی دەقەکان.

**٥. خوێندنەوەی کوردی نوێ:**

کتێبێکی پرۆگرامییانە و بڕیار لەسەردراوی زمانەوانی هزرییە و بە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە ناو بابەتی وانەی زمانی کوردی دەوترێتەوە، ئامانجیشی گەشەپێدانی تواناکانی خوێندکارانە لەسەر

تێگەیشتن لە دەقە هاوچەرخەکان و شیکردنەوەیان و وەرگرتن و تێگەیشتن لە واتاکانیان و چێژوەرگرتنی زمانەوانی لێیان، ئەوەش لە میانی ئەو دەقانەی دەربڕی هزری کوردیی هاوچەرخ و بەها ڕۆشنبیری و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانین.

**پۆلی چوارەمی ئامادەیی:** یەکێکە لە پۆلە پەروەردەییەکانی قوتابخانە، ئامادەیی یان دواناوەندی بێت، کە ماوەی خوێندن تیایدا سێ ساڵە و ئەرکی ئامادەکردنی خوێندکاریە بۆ پۆلی پێنجەم و پاشان شەشەم و ئینجا بۆ کۆلێژ و تیایدا خوێندکاران (زمانی کوردی و..تاد دەخوێنن). (وزارة التربیة، ٢٠١٨: ل. ٥)

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم . پاشخانی تیۆری**

**. ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان:**

هەڵاواردن و جیاکردنەوەی چەمکەکان، بریتییە لە ستراتیژییەتێك بۆ تێگەیشتن لە وشە و زاراوەکانی خوێندنەوە، چونکە دوای ناساندنیان لە لایەن مامۆستا یان خوێندکارەوە دەستە بنەڕەتییەکان جیا دەکرێنەوە و خوێندکار دەست بە دیاریکردنی زاراوەکان، یان ئەو چەمکانە دەکات کە لە لایەن مامۆستاوە بۆیان ئامادە کراوە و جیاکردنەوەیان بە پێی دەستە بنەڕەتییەکان. (الشمري، ٢٠١١، ل. ١٦١)

(Stanley:٢٠١٨) ئەوەی دەرخستووە کە هەموو شتێك سەبارەت بە خوێندکار لە خوێندنەوەوە دەست پێ دەکات و دوای ئەوەش دەستنیشان کردنی هەموو چەمکەکان و ئەو تێبینییانەی کە پەیوەستن بە چەمکەکان وپێکهێنانی وێنایەکی گشتی دەربارەی ئەو زانیارییانەی کە دۆزیویانەتەوە و بەدەستیان هێناوە، ئینجا گرێدان و بەستنەوەی زانیارییە نوێیە دۆزراوەکان لە میانی پرۆسەی جیاکردنەوەی چەمکەکان و لە میانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە بەردەستەکان و بەڕێوەبردنیان، بۆ ئەمەش پێویستە هەموو زانیارییە بنەڕەتی و پێویستەکان بخوێنرێنەوە و دەستنیشان بکرێن، هەروەها بابەتە لاوەکییە پەیوەستەکانیش بە زانیارییە بنەڕەتییەکانەوە بخوێندرێنەوە و دەستنیشانیش بکرێن، ئینجا پرۆسەی هەڵاواردن و جیاکردنەوەی هەموو زانیارییە پێویستەکان ئەنجام دەدرێت و نووسین و تۆمارکردنیان لە خشتەی ئامادەکراو کە دەستەی دیاریکراو پێش جیاکردنەوەکە ئەنجامی دەدات. لێرە و لەم قۆناغەدا خوێندکاران بەشداری لە گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە نێوان خۆیاندا دەکەن و بەشدارییەکەش لە میانی بیرۆکەکانیانەوە کارا دەبێت و دەکرێ لە هەر قۆناغێکی خوێندن پیادە و جێبەجێ بکرێت بۆ کاراکردنی توانایان لەسەر فێربوون و فێرکردن. (Stanley , , P.36 (2018

➢ **پاساوەکانی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان:**

١. دەرفەتی بەکارهێنانی زانیارییەکان و ئەو زاراوە نوێیانە بە مامۆستا دەبەخشێت کە دەیخوێنن، یان خوێندکاران لە بابەتی تەرخانکراو بۆ وانەکە دەیبینن.

٢. ئەم ستراتیژییەتە ئاستی زانیاریی خوێندکاران سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو بۆ مامۆستایان دابین دەکات، ئەوەش لە میانی ئەو زانیارییانەی خوێندکاران هەیانە و بەستنەوەیان بە بابەتە نوێیەکەوە.

٣. ناساندنی خوێندکاران بە چەمکە نوێیەکان لە بابەتێکدا. (الاترابي، ٢٠١٩، ل. ١٥٠)

٤. ئەم ستراتیژییەتە یارمەتیی بەڕێوەبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەدات. (P.36 , Stanley , 2018)

٥. ئەم ستراتیژییەتە گەشە بە کارامەییەکانی پێشبینی کردن و بەرئەنجامگیری و بەستنەوەی نێوان بابەتەکان و توانای پۆلینکردن دەدات. (أمبو سعيدي و الحوسنية، ٢٠١٦، ل. ٤٧٤).

➢ **هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان:**

وا لە خوارەوە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە ناو ژووری پۆلی خوێندن دەخەینەڕوو، بەم جۆرەی خوارەوە:

١. مامۆستا بابەتەکە بۆ خوێندکارەکانی ڕاڤە دەکات، پاشان خشتەیەکیان بەسەردا دابەش دەکات، کە کۆمەڵە چەمکێك لەخۆدەگرێت و داوای خوێندنەوەی چەمکەکانیان لێ دەکات، خوێندنەوەیەکی ورد و تێرامانانە.

٢. بە نموونە هەردوو ڕێگەی جیاکردنەوەی چەمکەکان بە کراوەیی و داخراوەیی پێشکەش دەکات، بۆ ئەمەش وشەگەلێك لە ناوەڕۆکەکەی بەکاردەهێنێت کە پێشتر خوێندکاران فێری بوون. مامۆستاش پێشوەختە ئەوە دەستنیشان دەکات کە ئایا ڕێگەی جیاکردنەوەی کراوە بەکاردەهێنێت، یان ڕێگەی داخراو.

٣. خوێندکاران دەست بە پۆلینکردن بە شێوەی بە کۆمەڵ یان تاکە کەسی ، یاخود بەپێی دابەشکردنی کۆمەڵەکان دەکەن و مامۆستاش بەدواداچوون بۆ ئاستی تێگەیشتنی چەمکە بە ئامانجکراوەکان دەکات.

٤. دوای کۆتاییهێنان بە پرۆسەی جیاکردنەوەی چەمکەکان، مامۆستا بە شێوەی بە کۆمەڵ گفتوگۆ و مشتومڕ لەگەڵ خوێندکارانیدا دەکات، بۆ وەڵامدانەوەی پرۆسەی جیاکردنەوەی چەمکە بە ئامانجکراوەکان، کە خوێندکاران ئەنجامیان دابوو. (أمبو سعيدى والحوسنية، ٢٠١٦، ل. ٤٧٤) و (فيشر، ٢٠٠٩، ل. ٢٣٨).

➢ **ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمەکان:**

١. مامۆستا وشەکان و چەمکە نوێیەکان پێشکەش بە خوێندکاران دەکات.

٢. لە میانی پرۆسەی جیاکردنەوەی چەمکەکان، خوێندکاران ئاڕاستە و ڕێنمایی دەکات و چۆنیەتیی پۆلینکردنی چەمکەکانیان لە ناو دەستەی گونجاو بۆ ڕاڤە دەکات.

٣. لە کاتی چالاکی و بۆ دابینکردنی بەشدارییەکی کارا، چاودێریی کارلێکی خوێندکاران دەکات.

٤. گفتوگۆ و مشتومڕی کۆتایی بەڕێوە دەبات، دوای چالاکی بۆ ڕاستکردنەوەی هەر بەدحاڵیبوونێك وبەهێزکردنی چەمکی قووڵی پەیوەندییەکان نێوان چەمکەکان.(Radhi & Saleh, 2022, p.200 )

➢ **ڕۆڵی خوێندکار لە ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان:**

١. خوێندکار چەمکەکان و وشەکان شیدەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی سیما و خەسڵەتی هاوبەشی نێوانیان.

٢. لە ناو دەستەی گونجاو و بەپێی ئەو پێوەرانەی لێیان تێدەگات جیایان دەکاتەوە.

٣. هۆی دانانی هەر چەمکێك لە ناو دەستەیەکی دیاریکراو لە میانی گفتوگۆ و مشتومڕەوە بۆ خوێندکاران ڕوون دەکاتەوە.

٤.لە کاتی دەرکەوتنی زانیاریی نوێ، یان توانجی هاوڕێیان، پێداچوونەوە بە پۆلێنکارییەکەی دەکات.( Radhi & Saleh, 2022, p.201 )

➢ **بایەخی ستراتیژییەتەکە بۆ مامۆستا و خوێندکاران:**

١. ڕێگە بە مامۆستا دەدات چەمکەکان و زاراوە نوێیەکان کە دواتر دەستنیشانیان دەکات بخاتەڕوو، یان خوێندکار لە ناوەڕۆکەکە، یان دەقەکەوە جیای بکاتەوە.

٢. زانەکی دەربارەی ئاستی زانینی زانیارییەکانی بابەتەکە لای خوێندکاران پێشکەش بە مامۆستا دەکات.

٣. خوێندکاران چەمکەکان و زاراوە نوێیەکانی بابەتەکە دەناسن و لەگەڵ ژیانی واقیعی ژینگەی خۆیاندا دەیبەستنەوە.

٤. یارمەتیی مامۆستا دەدات لەسەر هەڵسەنگاندنی خوێندکارەکانی لە کۆتایی وانەکە.(الشمري، ٢٠١١، ل. ١٦١)

**پێنجەم . خویندنەوەی کوردیی نوێ:**

زمانی کوردی بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیاوازی بەسەردا هاتووە، لە لایەك هۆکاری بەهێزبوونی پێ بەخشیوە و لە لایەکی دیکەشەوە تووشی هۆکاری لاوازیی کردووە. ئاشکرایشە کە لە عێراق تا ڕادەیەك بایەخی پێدراوە، بەڵام ئەم بایەخپێدانە بەپێی پێویست و خواستی پارێزەرانی زمانی کوردی نەبووە، بۆ ئەوەی گەشە بکات و پێش بکەوێت، بەڵکو بارمتەی دۆخە سیاسییە گۆڕدراوەکانی عێراق بووە، خوێندنی بابەتی زمانی کوردیی پۆلی چوارەمی ئامادەییش لە ناوچە عەرەبییەکان، کە مەیدانێکی فراوانە، لەوانەیە خوێندنەوەی زمانی کوردی سوودیان پێ بگەیەنێت و بواری بەکارهێنانی لە سەرجەم بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بۆ بڕەخسێنێت.(موکریانی، ٢٠٢١، ل. ٦) ئەگەر خوێندنەوە گرنگترین ئامرازی بەدەستهێنانی زانەکی بێت، ئەوا زانەکی (المعرفة) لە گرنگترین مەرجەکانی پەرەسەندێتی. بۆیە نابێ زیادکردنی هەندێك شتی پێویست بۆ ژیانی تایبەتمان فەرامۆش بکەین، بۆ ئەوەی خوێندنەوە تایبەت و کەسێتییەکانمان تەنها چێژ و کاتبەسەربردن نەبێت، بەڵکو گفتوگۆیەکی بەرهەمدار و یەکلاییکەرەوە بێت. هەڵبەتە، زیادکردنی بەرکەوتنێکی جیاواز بۆ ژیانی ڕۆژانەمان لە ڕێگەی خوێندنەوەوە، وا کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستیمان بە گۆڕینی پیشەیی هەیە لە ڕەفتارمان و خوڵقاندنی دەرفەت و دابینکردنی توانای مادی. چونکە وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییانەی پێیاندا تێدەپەڕین، هیچ بژاردەیەکمان نییە، جگە لە خواستی ژیانێکی شکۆمەندانە و سەربەرزانە و ئامانجی بوونیشمان لەسەر ئەم خاکە(بکار، ٢٠١٤، ل. ١٧).

## تەوەری دووەم . لێکۆڵینەوەکانی پێشوو :

### یەکەم: ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی گۆڕدراوی سەربەخۆیان کردووە ( ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان )

| ز | ناوی توێژەر | شوێن | ساڵ | ئامانجی لێکۆڵینەوە | قەبارە و ڕەگەزی نموونە | ڕێبازی توێژینەوە | قۆناغ | بابەت | ئامرازی توێژینەوە | هۆکارە ئامارییەکان | ئەنجام |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | عەبوودی | عێراق | ٢٠٢٠ | کاریگەری ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە دەستکەوتی بابەتی زانستەکان لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی و هەستی جوانکاریی ژینگەییان | ٨٥ خوێندکار | ئەزموونی | سەرەتایی | زانستەکان | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری هەستی جوانکاری | گوورزەی ئاماری Sppes | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری هەستی جوانکاری |
| ٢ | شەهاب | عێراق | ٢٠٢٠ | کاریگەری ستراتیژییەتی چەمکەکان لە دەستکەوتی بابەتی کیمیا و کارامەییەکانی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لای خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی | ٦١ خوێندکار | ئەزموونی | ناوەندی | کیمیا | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ڕەخنەگرتن | گوورزەی ئاماریی sppes | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی کارامەییەکان خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە |
| ٣ | ئەنباری | عێراق | ٢٠٢٤ | کاریگەری ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە دەستکەوتی بابەتی کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی کارامەیی بەڕێوەبردنی زانەکی لای خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی | ٧٠ خوێندکار | ئەزموونی | ناوەندی | کۆمەڵایەتی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پیادەکردنی پێشەکی و پێوەری کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی زانەکی | گوورزەی ئاماریی Sppes | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی زانەکی. |

خشتەی ژمارە (١) ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشووتر کە تاووتوێی گۆڕدراوی سەربەخۆییان کردووە

### دووەم: ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی گۆڕدراوی پاشکۆیان لە (دەستکەوتی خوێندنەوەی کوردی) کردووە

| ز | ناوی توێژەر | شوێن | ساڵ | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | قەبارە و ڕەگەز و نموونە | ڕێبازی توێژینەوە | قۆناغ | بابەت | ئامرازی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | عوبێد | عێراق | ٢٠٢١ | کاریگەری ستراتیژی فێربوونی چالاک لە دەستکەوت و ڕاگرتنی مادەی خوێندنەوەی کوردی نوێی لە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی وێژەیی. | ٩٠ خوێندکار | ئەزموونی | ئامادەیی | خوێندنەوەی کوردی نوێ | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | گوورزەی ئاماریی Sppes | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| ٢ | هاشم | عێراق | ٢٠٢٢ | کاریگەریی ستراتیژییەتی شانەی بزانەیی لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی | ٦١ خوێندکار | ئەزموونی | ئامادەیی | خوێندنەوەی کوردی نوێ | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | گوورزەی ئاماریی Sppes | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| ٣ | قۆسی | العراق | ٢٠٢٣ | کاریگەریی ستراتیژییەتی سێ توانەن لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لای خوێندکارانی چوارەمی ئامادەیی | ٦٨ خوێندکار | ئەزموونی | ئامادەیی | خوێندنەوەی کوردی نوێ | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | گوورزەی ئاماریی sppes | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت |

**لایەنەکانی سوودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**توێژەر بەم شێوەیەی خوارەوە سوودی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو وەرگرت:**

١.سوودوەرگرتن لە ئەدەبیات و پاشخانە تورییەکان لە گەڵاڵەکردنی کێشەی توێژینەوەکەی و دەستنیشانکردنی بە شێوەیەکی ورد.

٢. هەڵبژاردنی نەخشەسازیکردنی ئەزموونیی گونجاو.

٣. هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو).

| کۆمەڵە | ژمارەی خوێندکاران پێش دوورخستنەوە | ژمارەی خوێندکاری دوورخراوە (دەرنەچووانی پار) | ژمارەی خوێندکاران دوای دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٥ | ٢ | ٣٣ |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٤ | ٣ | ٣١ |
| کۆی گشتی | ٦٩ | ٥ | ٦٤ |

٤. ناسینی ئەو ئامرازانەی کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو پشتیان پێ بەسترابوو، لەگەڵ ئەو ڕێکاریانەی وردی و بابەتیبوون و توانای پێوانەکردن دابین دەکەن.

٥. هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئەنجامەکان.

**بەشی سێیەم**

❖ **میتۆدی توێژینەوە:**

❖ **ڕێکارییەکانی توێژینەوە:**

**یەکەم . نەخشەسازی (دیزاینی) ئەزموونی:** لە ئەنجامی ئەوەی پێشکەش کرا، توێژەر پشتی بە نەخشەسازیکردنی ئەزموونیی بەشە کۆنترۆڵکردنی پێشەکی و پاشەکی بەست، کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەم توێژینەوەیەدا گونجاو بوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| کۆمەڵە | هاوسەنگی | گۆڕدراوی سەربەخۆ | گۆڕدراوی پاشکۆ | ئامراز |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | تەمەنی کات<br>دەستکەوتی خوێندنی باوان | ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان | دەستکەوتی | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
| کۆنترۆڵکراو | تاقیکردنەوەی زیرەکیی ڕاڤن | ڕێگەی ئاسایی | | |

**دووەم . کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی زانستی لە قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییەکانی کوڕانی پارێزگای دیوانییە دەستنیشان کرد، کە دەوامیان بە ڕۆژە.


| کۆمەڵە | ژمارەی خوێندکاران پێش دوورخستنەوە | ژمارەی خوێندکاری دوورخراوە (دەرنەچووانی پار) | ژمارەی خوێندکاران دوای دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٥ | ٢ | ٣٣ |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٤ | ٣ | ٣١ |
| کۆی گشتی | ٦٩ | ٥ | ٦٤ |

**سێیەم . کۆمەڵگەی نموونەی توێژینەوە**

بە ڕێگەی ئەنقەست توێژەر ئامادەیی (التآخي)ی کوڕانی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی بیکاتە نموونەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستای و ئەنجامدانی ئەزموونی توێژینەوەکەی لەسەریان. دواتر توێژەر سەردانی قوتابخانە هەڵبژێردراوەکەی کرد، کە ئامادەیی (التآخي بۆ کوڕان) بوو، لەگەڵ خۆیشیدا نووسراوێکی کارئاسانیی ئەرکەکەی برد کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای قادسییەوە دەرچووبوو.

**چوارەم . هاوسەنگیی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە:**

**١. تەمەنی خوێندکار هەژمارکراو بە مانگ:**

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٣ | ١٩٩.٩ | ١٠.٨ | ٦٢ | ٠.٢٣ | ٣.٢٣ | لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣١ | ٢٠١.٧٨ | ٦.٩٧ | | | | |

**٢. دەستکەوتی خوێندنی باوکان:**

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | دەستکەوتی خوێندنی باوکان | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دەخوێنێتەوەو دەنووسێت سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلیژ بە سەرەوە | نمرەی ئازاد | بەهای (کا²) | | ئاستی بەڵگەداری لە (٠,٠٥) |
| | | | | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٣ | ٦ | ٧ | ٥ | ٦ | ٩ | ٤ | ١.٠٤٩ | ٩.٤٩ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٣١ | ٥ | ٥ | ٧ | ٧ | ٧ | | | | |
| کۆی گشتی | ٦٤ | ١١ | ١٢ | ١٢ | ١٣ | ١٦ | | | | |

**٣. دەستکەوتی خوێندنی دایکان:**

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | دەستکەوتی خوێندنی دایکان | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دەخوێنێتەوە و | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا و زانکۆ و بەسەرەوە | نمرەی ئازاد | بەهای (کا²) | | ئاستی بەڵگەداری لە (٠,٠٥) |
| | | | | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٣ | ٦ | ٦ | ٥ | ٩ | ٧ | ٤ | ١.٥٢٩ | ٩.٤٩ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣١ | ٥ | ٦ | ٧ | ٥ | ٨ | | | | |
| کۆی گشتی | ٦٤ | ١١ | ١٢ | ١٢ | ١٤ | ١٥ | | | | |

**٤. تاقیکردنەوەی زیرەکیی ڕاڤن:**

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٣ | ١٢.٥٦٤ | | ٦٢ | ٠,٠٥٤ | ٢ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣١ | ١٣.٧١٠ | | | | | |

**پێنجەم . بەرزەفتکردنی گۆڕدراوە دەرەکییەکان (المتغيرات الدخيلة)**

توێژەر هەوڵیدا سنوورێك بۆ کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە نا ئەزموونییانە دابنێت کە کار دەکەنە سەر ڕەوتی ئەزموونەکە و پاشانیش سەر ئەنجامەکانی، وا لە خوارەوەش ئاماژە بەو گۆڕدراوە دەرەکییانە و چۆنیەتیی بەرزەفتکردن و کۆنترۆڵکردنیان دەدەین.

**١. هەڵبژاردنی تاکەکانی نموونەکە:**

توێژەر بەپێی توانا بۆ خۆلادان لە کاریگەریی ئەو گۆڕدراوە لە سەر ئەنجامی توێژینەوەکەی، ئەوەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی هاوسەنگیی ئاماری لە نێوان خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی . کۆنترۆڵکراو)، توێژەر دوای شیکردنەوەی ئامارییی گۆڕدراوەکان گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەردوو کۆمەڵەکە هاوسەنگن.

**٢. بڵاوبوونەوەی چارەسەرەکان**

توێژەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هیچ پەیوەندیکردنێك لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی (ئەزموونی . کۆنترۆڵکراو) نەبوو.

**١. پووکانەوەی ئەزموونی (الاندثار التجريبي):**

توێژەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم ئەزموونەی ئێستای بە درێژایی ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی هیچ خوێندکارێك نە وازی لە خوێندن هێنا و نە دابڕاش.

**٢. ئەو ڕووداوانەی دێنە ئاراوە:**

مەبەست لێی ڕووداوە سرووشتییەکانە، ئەو ڕووداوە سرووشتییانەی دەکرێ لە کاتی ئەزموونەکە ڕووبدەن، توێژەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم ئەزموونەی ئێستای نەکەوتە بەر هیچ هەلومەرجێکی ئەوتۆ کە ببێتە کۆسپ لە بەردەم بەڕێوەچوونی توێژینەوەکەی، یان کار بکاتە سەر گۆڕدراوی پاشکۆ، شانبەشانی کاریگەریی گۆڕدراوی سەربەخۆ.

**٣. ئامرازی پێوانەکردن:**

بۆیە توێژەر سووربوو لەسەر بەکارهێنانی ئامرازی یەکگرتوو بۆ پێوانەکردنی دەستکەوت لای خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی (ئەزموونی . کۆنترۆڵکراو)، بۆ ئەمەش توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوت ئامادە کرد، پاشان لەسەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی پیادەو پەیرەوی کردن، کە بەر لە دەستپێکردنی ئەزموونەکە باسیان کرا، بەر لە دەستپێکردنی ئەزموونەکە و دوای کۆتاییهاتنیشی لە یەك کات.

**شەشەم . کاریگەریی ڕێکارە ئەزموونییەکان:**

١. **هۆکارە فێرکارییەکان:** هۆکارە فێرکارییەکان لە ناو پۆل بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی . کۆنترۆڵکراو) هاوشێوە بوو، کە بریتی بوون لە سەبوورە و پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ.

٢. **قوتابخانە:** ئەزموونەکە لە یەك قوتابخانە و لە دوو پۆلی هاوشێوە لە ڕووی ڕووبەر و ژمارەی تەختی دانیشتن و ڕووناکییەوە پیادە و جێبەجێ کرا.

**٣. ماوەی ئەزموونەکە:** ماوەی ئەزموونەکەش یەکسان و وەکو یەك بوو بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی . کۆنترۆڵکراو) چونکە لە ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠٢٥/٩/٢٥) دەستی پێکرد و لە ڕۆژی دووشەممە (٢٠٢٥/١٢/٢٩) کۆتایی هات و بۆ ماوەی (١٣) هەفتە بەردەوام بوو.

**حەوتەم . پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**١. دەستنیشان کردنی بابەتە زانستییەکە:**

توێژەر ئەو بابەتە زانستییەی دەستنیشان کرد کە بە خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی دەڵێتەوە، لە ژمارەیەك بابەت لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی نوێ، بۆ پۆلی چوارەمی زانستی، کە لەگەڵ خوێندکارانی پۆلی چوارەمی زانستیدا دەگونجێت.

**١. دەستنیشانکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**

توێژەر (١٤٠) ئامانجی ڕەفتاری بەپێی ئەو ئامانجە گشتییانە دارشت، کە وەزارەتی پەروەردە بۆ وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێی قۆناغی ئامادەیی دایناوە، توێژەر بینی ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە گشتی و بەرفراوانن، بۆیە هەندێك ئامانجی تایبەتی وەرگرت و لێیانەوە ئامانجە ڕەفتارییەکانی دەستنیشان کرد، ئەوەش بە پشتبەستن بەو بابەتە دیاریکراوانەی کە دەیانڵێتەوە و لە نێوان هەر چوار ئاستەکەی پۆلینی بلۆمی پەرەپێدراو دابەشی کردن (وەبیرهاتنەوە، تێگەیشتن، پیادەکردن، شیکردنەوە)، بە مەبەستی چەسپاندنی شیاوی و وەرگرتنی ئاستی بابەتی خوێندنەکە.

**١. ئامادەکردنی پلانەکانی وانەوتنەوە:**

بۆ سەرکەوتنی جێبەجێکردنی وانەکە بە شێوەیەکی باش، توێژەر پلانەکانی وانەوتنەوەی بۆ بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ ئامادەکرد، کۆمەڵەی ئەزموونی بە پێی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان وانەی پێ وتنەوە، بەڵام کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگەی ئاسایی وانەکانی پێ وتنەوە. لە پێناو دارشتنی پلانی نموونەیی باش.

**هەشتەم . ئامرازی توێژینەوەکە؛ تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

هێنانەدیی ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا، بوونی دوو ئامرازە، کە بریتین لە؛ تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی زمانەوانیانە، توێژەر بەم شێوەیەی خوارەوە کاری لەسەر بونیادنانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکەی کرد:

**١. ئامرازی یەکەم (تاقیکردنەوەی دەستکەوت):**

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشکەش کرا و بەپێی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنەکە کە چواردە بابەتی بڕیار لەسەردراو بۆ خوێندنی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بوو، توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بونیادنا:

**أ. دەستنیشان کردنی ئامانج لە تاقیکردنەوە:**

تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەم توێژینەوەیەی ئێستا، ئامانجی پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەییە لە ناوەڕۆکی وانە دیاریکراوەکانی کتێبی خوێندنەوەی کوردی نوێ، لە وەرزی یەکەمی خوێندن، دوای کۆتاییهاتن لە وتنەوەی ئەو بابەتانەی بۆ ئەزموونەکە تەرخان و دیاری کرابوون.

**ب. ئاستەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

توێژەر ئاستەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بە چوار ئاستەکەی پۆلینکردنی پەرەپێدراوی بلۆم بۆ بواری زانەکی (وەبیرهاتنەوە، تێگەیشتن، پیادەکردن، شیکردنەوە) دەستنیشان کرد، ئەوەش لە سۆنگەی گونجانی لەگەڵ ئاستی قۆناغی خوێندنی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش دەهێنێتەدی.

**ج. ئامادەکردنی خشتەی خەسڵەتەکان (نەخشەی تاقیکردنەوە):**

توێژەر (٤٢) بڕگەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی دیاریکردووە، لە ناو سنووری توێژینەوەکەی و بابەتە زانستییەکە و ئەو ئامانجە ڕەفتارییانەی پێوانەیان دەکات دابەشی کردوون، کێش و ڕێژەکانیشی بۆ هەر ناوەڕۆکێکی ئامانجە ڕەفتارییەکان و ژمارەی بڕگەکان لە هەر ئاستێکدا دەرهێناوە.

**د. ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:**

توێژەر (٤٢) بڕگەی لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە جۆری تاقیکردنەوە بابەتییەکانی (هەڵبژاردن لە چەند بژاردەیەك)، لە سۆنگەی ئەوەی بە باشترین جۆری تاقیکردنەوەی بابەتیانە دادەنرێت لە ڕووی هەمەلایەنی ناوەڕۆکی بابەتە زانستییەکەی و نەبوونی خودیی پشکنەر و ڕاستکەرەوە و بە ئاسانی پشکنین و پێوانەکردنی توانای هەمەجۆری وەکو توانای لەسەر بەرئەنجامگیری و چارەسەرکردنی کێشەکان.

**هـ. ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە:**

توێژەر سووربوو لەسەر دانانی ڕێنماییە تایبەتەکان بە تاقیکردنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:**

ناوی خوێندکار، ناوی قوتابخانە و پۆل و هۆبە، ئامانجیش لە تاقیکردنەوە و ژمارەی بڕگەکانی و نمرەی گشتی و ژمارەی جێگرەوەکانی بڕگە بابەتییەکان و ڕێگەی وەڵامدانەوە، هەروەها ڕێنماییەکان کاتی تەرخانکراو بۆ وەڵامدانەوە و نموونەیەکی شیکراوەش دەخرێتەڕوو کە ڕێگە و شێوازی وەڵامدانەوەکە دەردەخات.

- **ڕێنماییەکانی ڕاستکردنەوە و پشکنین (التصحيح):**

یەك نمرە بۆ وەڵامی ڕاست و (سفر) بۆ وەڵامی هەڵە بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بابەتیی هەڵبژاردن لە چەند بژاردەیەك، بەمەش نمرەی گشتیی بڕگە بابەتییەکان (٤٢) نمرە بوو، خشتەی (١٤) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

١. **ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:** ڕاستگۆیی لەو مەرجە بنەڕەتییانە دادەنرێت کە دەبێ لە ئامرازی توێژینەوەدا هەبێت، کاتێکیش تاقیکردنەوە بە ڕاستگۆ دادەنرێت پێوانەی ئەوە بکات کە لە پێناو پێوانەکردنی دانراوە و لە

پێناو دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە، بۆ ئەمەش توێژەر لە دوو جۆرە ڕاستگۆیی دڵنیا بووەوە، بەمجۆرەی خوارەوە:

**یەکەم . ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:**

ئەم جۆرە ڕاستگۆییەش بە هۆی خستنەڕووی تاقیکردنەوە بۆ بەردەم کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕانی زمانی کوردی و ڕێگەکانی وانەوتنەوە و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن دروست دەرچوو.

**دووەم . ڕاستگۆیی ناوەڕۆك:**

توێژەر لە میانی ئامادەکردنی خشتەی خەسڵەتەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە نوێنەرایەتی هەموو ئامانجە ڕەفتارییەکان و ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن دەکات، لێکۆڵینەوەی لە ڕاستگۆیی ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی کرد و دەرکەوت تاقیکردنەوەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕاستگۆیە.

**پیادەکردنی پایدۆزی تاقیکردنەوەکە:**

توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەسەر نموونەیەکی پایدۆزی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پیادە و جێبەجێکرد، کە لە (٤٧) خوێندکاری پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە دواناوەندی دیجلەی کوڕان پێکدەهات، ئەوەش لە ڕۆژی دووشەممە بەرانبەر (٢٠٢٥/١٢/١٥)، دوای دڵنیابوون لە تەواوکردنی بابەتە زانستییەکە و پێڕاگەیاندنی کاتی تاقیکردنەوەکە بەر لە هەفتەیەك لە ئەنجامدانی، بە جۆرێك توێژەر داوای لە نموونە پایدۆزییەکە کرد، دوای دابەشکردنی لاپەڕەی تاقیکردنەوە بەسەریان و پێدانی تێبینییەکان دەربارەی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکە و بڕگەکانی، دەرکەوت کە ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکە و هەموو بڕگەکانی ڕوونن و پێویستییان بە هەموارکردنەوە نییە، کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە .

**و. شیکردنەوەی ئاماریی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە:**

ژمارەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە باڵاو خوارەوە (٥٤) خوێندکار بوو بە داکەوتەی (٢٧) خوێندکار بۆ هەر کۆمەڵێکیان، بەرزترین نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی باڵا (٢٧) نمرە بوو، کەمترین نمرەی کۆمەڵەی خوارەوەش (١٦) نمرە بوو، پاشان توێژەر ئاستی ئاستەنگی و هێزی جیاکردنەوە و کاریگەریی جێگرەوە نادروستەکانی بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە هەژمارکرد بەم جۆرەی خوارەوە:

**ئاستی گرانی بڕگەکان:**

دوای هەژمارکردنی هاوکۆلکەی گرانیی بڕگەکان، توێژەر بینی ئاستی گرانی بڕگەکانی بابەتەکە لە نێوان (٠.٢٥–٠.٦٨) . ئەم ڕێژەیەش بە ڕێژەیەکی پەسەند دادەنرێت، چونکە الدليمي و المهداوي وایدەبینن کە هاوکۆلکەی گرانی بە پەسەند دادەنرێت، ئەگەر لە نێوان (٠.٨٠٠.٢٠) دابوو.

**هێزی جیاکاریی بڕگەکان:**

**دوای هەژمارکردنی هێزی جیاکاریی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە،** توێژەر بینی کە هێزی جیاکاریی بڕگە بابەتییەکان لە نێوان (٠.٦٨ . ٠.٤٣) دایە، ئەم ڕێژەیەش بە پەسەند دادەنرێت، چونکە الدليمي و المهداوي وایدەبینن کە هاوکۆلکەی جیاکاری بە پەسەند دادەنرێت ئەگەر لە نێوان (٠.٣٩ –

٠.٤٠) دا بێت، وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە (١٦) ڕوون کراوەتەوە. (الدليمي والمهداوي، ٢٠٠٥، ل. ٩٠).

**کارایی جێگرەوە هەڵەکان (شێوێنەرەکان):**

لە کاتی هەژمارکردنی کارایی جێگرەوە هەڵەکانی هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوە بابەتییەکە، توێژەر بینی کە ئەوەی ئاگایی کۆمەڵەی خوارەوە ڕاکێشاوە، لەوە گەورەترە کە لە کۆمەڵەی خوارەوە ڕایانکێشاوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەمەش، هەموو جێگرەوەکان بە کارا دانران و پێویستی بە گۆڕینی هیچیان نەکرد.

**جێگیرکردنی تاقیکردنەوە:**

توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەسەر نموونەی شیکردنەوەی ئاماری پیادەکرد، کە ژمارەیان گەیشتە (١٠٠) خوێندکار لە خوێندکارانی ئامادەیی (الشامیية)ێ کوڕان و دواناوەندیی دیجلەی کوڕان لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/١٥)، لە کاتی پیادەکردنی هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن لە نێوان نمرەکانی خوێندکاران لەسەر ئەو بڕگانەی ژمارەکانیان جووت و تاك بوو، بەهای هاوکۆلکەی جێگیری گەیشتە (٠.٨٠)، دوای ئەوەی بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی سپیرمان . براون ڕاستکرایەوە، ئینجا گەیشتە (٠.٨٩)، ئەمەش هاوکۆلکەی جێگیریی باشی تاقیکردنەوە کۆدنەکراوەکانە. (الامام، ١٩٩٠، ل. ١٥٢).

**وێنەی کۆتایی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

تاقیکردنەوەکە بە شێوە کۆتاییەکەی لە (٤٢) بڕگەی تاقیکردنەوەی بابەتیانە و لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند بژاردەیەك پێکهاتبوو بە بوونی چوار جێگرەوەی وەڵام بۆ هەر بڕگەیەك، بۆ هەر بڕگەیەکیش یەك نمرە تەرخان کرابوو، بەڵام نمرەی گشتیی تاقیکردنەوەکە گەیشتە (٤٢) نمرە، ئەمەش بەرزترین نمرەیە کە خوێندکار بەدەستی بهێنێت، لە کاتێکدا کەمترین نمرە کە دەکرێ خوێندکار بەدەستی بهێنێت (سفر) بوو، بەمەش تاقیکردنەوەکە ئامادەی پیادە و جێبەجێکردن بوو.

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و شرۆڤەکردنیان**

**<u>گریمانەی سفریی</u> : ناسینی "کاریگەریی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان بە سەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنی کوردیی نوێ لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی" لە میانی تاقیکردنەوەی ئەم گریمانەیەی خوارەوە:**

نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بەپێی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان خوێندوویانە و ناوەندە نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ خوێندوویانە.

لە پێناو دروستیی ئەم گریمانەیە و دڵنیابوون لێی، دەرکەوت کە ناوەندە هەژماری کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێیان بە پێی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی

چەمکەکان خوێندووە، گەیشتە (٢٢.٨٧١) و لادانی پێوەری (٩.٢٢٩) و جیاوازیی (٨٥.١٧)، لە کاتێکدا ناوەندە هەژماری کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە گەیشتە (١٨.٠٠٠) و بە لادانی پێوەری (٦.٤٢٢) و جیاوازیی (٤١.٢٤)، بۆ زانینی بەڵگەداریی جیاوازیی ئاماری، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی نا یەکسان بەکارهێنا، بەهای تائیی هەژمارکراو (٢.٤٦٣) بوو لە ئاستی بەڵگەداری کە (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٦٢)، ئەمەش لە بەهای خشتەیی گەورەترە کە یەکسانە بە (٢)، بە واتای ئەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، ئەم ئەنجامە سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی بە پێی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان خوێندوویانە، بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دەردەخات، کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندبوو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت، واتە پشتبەستن بە ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان، کاریگەرییەکی ڕوون و ئاشکرای لە سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بە بەراورد بە دەستکەوتی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو هەیە، کە لە بەرژەوەدیی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو، بەمەش گریمانەی سفری ڕەتدەکاتەوە و گریمانەیەکی جێگرەوە پەسەند دەکات.

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | جیاوازی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | بەڵگەداریی ئاماری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٣ | ٢٢.٨٧١ | ٩.٢٢٩ | ٨٥.١٧ | ٦٢ | ٢.٤٦٣ | ٢ | بەڵگەداری ئامارییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣١ | ١٨.٠٠٠ | ٦.٤٢٢ | ٤١.٢٤ | | | | |

**شرۆڤەکردنی ئەنجامی گریمانەی**

١. بونیادنانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی لەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا، لە هێنانەدیی جیاوازیی ڕیزبەندیی چەمکەکان و زانەکییەکان لە میانی بەشکردنیان و شیکردنەوەی بابەتەکان و بیرۆکە گشتییەکان بە ڕیزبەندی لە گشتەوە بۆ بەش یارمەتییان دەدات، سەرباری یارمەتیدانیان لە پێکهێنانی پەیوەندیی نێوان زانەکییەکان و چەمکەکان و زانەکییەکانیان لا ڕێکبخرێت.

٢. هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان (نەخشەکاری و نەخشەسازی و جێبەجێکردن) لە قۆناغە ڕێکخراو و زنجیرەیی و ڕێکوپێکەکان دادەنرێت، کە وا لە خوێندکار دەکات بە ئاسانی پێشوازی لە بابەتی زانستی بکات بە کەمترین کات، هەروەها یارمەتیی گۆڕینی شێوازی پرۆسەی فێربوونیش دەدات بۆ لەبەرکردن و وانەدادان (التلقین)ی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوەوە بۆ فێربوونێکی واتادار.

٣. بەکارهێنانی ئامرازی خۆفێرکردن لە لایەن خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونییەوە، کە پێشتر نەیاندەزانی، ئەمەش لە بایەخ و وەڵامدانەوەکانیان بۆ ئامرازەکە زیاتر بوو، بووە هاندەرێك و پاڵنەرێك بەرەو فێربوونی زیاتریان.

٤. گونجانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی، لە سۆنگەی ئەوەی خوێندکارانی ئەم قۆناغە لە هەڕەتی پێگەیشتن و ئارەزووکردنی زانینی چەمکە زمانەوانییەکانن، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە زمانی کوردییەوە.

٥. دانانی (وێنە، یان نیگار، یاخود هێما)ی ئاسانکاری لە لایەن خوێندکارانەوە لە ژێر هەر ناونیشانێکی لاوەکیی چەمکەکان، لە تێگەیشتنی زانەکییە هەستەوەری و بینراوەکان یارمەتییان دەدات، ئەمەش دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتیان.

٦. وانەوتنەوە بە خوێندکاران بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان، بووە مایەی زیادکردنی لێهاتوویی پرۆسەی وەبیرهاتنەوە و تێبینیکردنی شێلگیرانە، هەروەها زیادکردنی دەستکەوتی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی.

**دەرئەنجامانەی خوارەوەی دەستکەوت:**

١. کاریگەرییەکی ئاشکرا لە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێدا هەیە.

٢. کاریگەرییەکی ڕوون و ئاشکرا لە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی زمانەوانیانەی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ هەیە.

٣. خوێندنی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ بە ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان، بەشداری لە هێنانەدیی ئامانجە فێرکارییەکان دەکات بە کاریگەرییەکی گەورەوە.

**توێژەر ژمارەیەك ڕاسپاردەی هەبوو، لەوانە:**

١- پشتبەستن بە ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە بەوپێیەی ستراتیژییەتێکی خوێندنی هاوچەرخی زانەکییە.

٢- ئەنجامدانی خولی شیاندن و پەرەپێدان بۆ ڕاهێنانی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لەسەر ستراتیژییەتە هاوچەرخەکان، نەخاسمە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان و پیادەکردنیان لە قۆناغی ئامادەیی.

**وەکو تەواوکارییەکی لایەنەکانی توێژینەوەکەش، توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوەی جۆراوجۆری کرد، لەوانەش:**

١. لێکۆڵینەوەی کاریگەریی کاریگەریی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لە ڕێگەی خوێندنی بابەتی زمانی کوردی لە گۆڕدراوەکانی دیکەی جیا لەم گۆڕدراوانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا.

٢. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەربارەی کاریگەریی ستراتیژییەتی جیاکردنەوەی چەمکەکان لە لایەنەکانی دیکە، جگە لە دەستکەوت و گەشەپێدان، وەکو بەدەستهێنانی کارامەییەکان و ئاڕاستەکان و مەیل و پاڵنەرێتییەکان.

**یەکەم سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

• جاف، سرود وەلی اسماعیل و گرمیاني،سەنا هدایت و کەریم،فەرهاد قادر وعەلی میر، وفا جواد علي ومەحموود،عوسمان عەلي . (٢٠٢١). ***خوێندنەوەی کوردی نوێی***. چاپخانەی وەزارتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی.

• رسول، ابراهیم رسول. (٢٠١٤). ***دەروازێک بۆ وانەوتنەوە*** .دەزگای چاپ و پەخشینی نارین، هەولێر.

• عوبید، کەوسەر جاسیم . (٢٠٢٣). ***کاریگەری ستراتیژیەتی ڕافت لە بەدستهێانی بابەتی خوێندنەوەو ئەدەبی کوردی لەلای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی زانستی***. [گۆڤاری ئەلئوستاز (الاستاذ) بۆ زانستە مرۆڤایەتی کۆمەڵایەتییەکان ]. ٦٢ (١) پاشکۆ. (١)

• عەزیز، کەریم ئەحمەد. (٢٠٢١). ***ستراتیژ نوێیەکانی وانەوتنەوە***. نارین، هەولێر

• قادر، رەمەزان حمەدەمین. (٢٠٢٣). ***ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک*** . تاران، کۆیە.

• هەورامی ،حەمەکەریم . (٢٠١١) ***بنچینەی وتنەی زمانی کوردی*** (ج.٢). هەولێر

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

• الاتربي ، شريف. (٢٠١٩). ***التعليم بالتخيل استراتيجية التعليم الالكتروني وادوات التعلم***. دار العربي للنشر والتوزيع

• أمبو سعيدي ، عبد الله خميس، والحوسينة هدى بنت علي . (٢٠١٦). ***استراتيجيات التعلم النشط . (١٨٠ استراتيجية مع الامثلة التطبيقية)***. دار المسيرة للنشر والتوزيع.

• بقلي ، ضي عبد الحسين مكي وحسنين ، صادق صالح عكبة. (٢٠١٧). ***التفكير الابداعي . (الابتكار) والتحصيل الدراسي*** .دار الرضوان للنشر والتوزيع

• ترك، سليم منعم عبد الأمير ومحمود خورشيد باشا . (٢٠٢١). ***طرائق التدريس المعلمي الصفوف الاولية***. مكتب نور الحسن للطباعة.

• داخل سماء تركي . (٢٠٢٣). ***معجم فروق المصطلحات التربوية والنفسية***. دار صفاء للنشر والتوزيع.

• ديورانت ، ول وايرل. (١٩٨٨). ***قصة الحضارة*** (ج.١ ). ترجمة زكي نجيب محفوظ . دار الجيل بالتعاون مع المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم .

• الراويّ, أحمد بحر هويدي. (٢٠١١). ***أصول تدريس التعبير والإنشاء وقصص الأطفال بين الحداثة والتطوير***. دار مصر مرتضى للكتاب العراقي.

• زاير, سعد علي وداخل, سماء تركي .. (٢٠١٦). ***المهارات اللغوية بين التنظير والتطبيق***. الدر المنهجية للنشر والتوزيع

• السلخي، محمود جمال. ( ٢٠١٣ ). ***التحصيل الدراسي ونماذجه والفواصل المؤثرة به***. دار رضوان للنشر والتوزيع .

• الشمري، ماشي بن حمد . (٢٠١١). ***١٠١ استراتيجية في التعلم النشط***. وزارة التربية والتعليم السعودية.

• فيشر, دوجلاس وليم جي بروزو, نانسي فراي جاي ايفي .(٢٠٠٩). خمسون استراتيجية التعلم وتعليم المحتوى الدراسي للطلاب, المملكة العربية السعودية.

• المندلاوي, علاء عبد الخالق.. (٢٠٢١). ***الوجيز في مهارات وطرائق التدريس***. مكتبة الامير للطباعة والنشر والاستنساخ.

• موكريانى، د. كردستان. (٢٠١٣). ***قواعد اللغة الكردية*** . (چ٢). دار الثقافة والنشر الكوردية.

• وزارة التربية.(٢٠١٩).**نظام المدارس الثانوي** رقم(٢) لعام ١٩٧٩.المديرية العامة للتقويم والمناهج والامتحانات.

**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

• Carter, G. (1993). ***Dictionary of education (1st ed.)***. McGraw-Hill.

• Radhi, A. A., & Saleh, M. S. A. (2022). ***The impact of concept sort strategy on EFL pupils' interaction***. Journal of Language Studies, 5(1), 198–206. https://doi.org/10.25130/jls.5.1.15

• Stanley, D. B. (2018). Practical steps to digital research: Strategies and skills for school libraries. Libraries Unlimited.